## وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بی. بی. سی. تورک: دۆستی دوێنێ نابێتە دوژمنی ئەمڕۆ

# ئەنجامی ڕیفراندۆم بڕیاری خەڵکی کوردستانە و دەرچوون لە بڕیاری خەڵک زەحمەتە

سەبارەت بە دیپلۆماسییەتی ئێران و تورکیا دەرهەق بە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەسەر پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ئێمە ئەو هەنگاوە دیپلۆماسییانە ئاسایی دەبینین و لە سیاسەتی ئێران و تورکیا تێدەگەین. لەگەڵ ئەوەشدا وتی دۆستی دوێنێ نابێتە دوژمنی ئەمڕۆ.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ سایتی (بی. بی. سی. تورکی)، سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆی نێوان ئەو دوو وڵاتەی بە ئاسایی دانا و وتی، بەڵام ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوە ناکەین کە ناکۆکی و شەڕ لە نێوانماندا دروست ببێت.

سەبارەت بە لێدوانێکی پێشتری سەرۆکی تورکیا لەسەر ئەگەری دەستوەردانی سەربازی لە هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی وتی هەرچەند شەڕی داعش بەردەوامە، ئێمە سنوورەکانمان دەپارێزین، بەڵام بە هۆی بوونی 350 کیلۆمەتر سنووری هاوبەش لەگەڵ تورکیا، ناکرێت هەر 10 مەتر سەربازێک دابنرێت، بۆیە دەخوازین ئێمە و دراوسێکانمان ناچار نەبین شەڕی یەکتر بکەین. وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە باکووری کوردستان گوتی: پرسی کورد لە تورکیا جیاوازە لە پرسی پەکەکە لەو وڵاتە. وتیشی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا هاوکاری و هەماهەنگی زۆر هەیە بەتایبەت لە بوارەکانی وزە، ئاسایش، ئابووری و سیاسی.

لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری بی. بی. سی تورکی لەسەر هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، سەفین دزەیی گوتی: لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ شاندە ئەمریکی و ئەوروپییەکان قسەمان کردووە و داوامان لێکردوون ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕن لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، و دەکرێت لەئێستادا لەسەر پرسی کۆنفیدراڵی گفتوگۆ بکەین، بەڵام ئەنجامی ڕیفراندۆم بڕیاری خەڵکی کوردستانە و دەرچوون لە بڕیاری خەڵک زەحمەتە.

هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەربارەی پرسی سەربەخۆیی، تەوەرێکی دیکەی لێدوانەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لەو بارەیەوە سەفین دزەیی ئاماژەی بەوە کرد کە سێ مانگ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەمریکا، یوئێن و وڵاتانی ئەوروپامان ئاگادار کردبووەوە، بەڵام ئەو وڵاتانە بێدەنگ بوون تا یەک مانگ بەر لە ڕیفراندۆم و دواتر ڕایانگەیاند کە کاتەکەی نەگونجاوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئێمەیان نەدایەوە کە کەی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبار و گونجاوە. ئێمە پێشتر کارمان بۆ عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کردبوو، بەڵام کوا عێراقی دیموکرات و فیدراڵ؟ وتیشی لە 2003 بە دواوە ئەمریکا 4600 سەربازی خۆی لە عێراق بزر کرد و بە سەدان ملیار دۆلاری خەرج کرد، ئەنجامی ئەو کارانە چی بوو؟ بۆیە دەبێ ئێمە بە شێوەیەکی واقعیانە بیر بکەینەوە.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە پەیوەندیی لەمێژینەی کورد و ڕووسیا کرد کە بۆ سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەگەڕێتەوە، و گوتی: تائێستاش خەڵکێکی زۆری کورد لەو وڵاتە دەژین. سەبارەت بە کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕووسیش، سەفین دزەیی گوتی کاری کۆمپانیای ڕۆسنەفت لە کوردستان بۆ ڕاکێشانی بۆری گاز کە ڕێککەوتنەکەی لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ناوبراو واژۆ کرا، پەیامێکی بازرگانییە بۆ ڕەوانەکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ڕێی تورکیاوە، پێویستە ئەو پرسە بە سیاسی نەکرێت و وەک کارێکی بازرگانی سەیر بکرێت. دەربارەی هەڵوێستی مۆسکۆ لەسەر ڕیفراندۆمی کوردستانیش، وتی ڕووسیا کورد و پرسی کورد باش دەزانێت و ئاگاداری هەستیاریی ئەو پرسەیە، بۆیە هەڵوێستێکی بێدەنگی نیشان داوە.




## کوتلە کوردستانییەکانی بەغدا بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە

# سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: بوونی ئێمە لە ئەنجوومەنێکی لەو شێوەیەدا بێمانایە



وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە دەستەڵاتدارانی بەغدا، کوتلە کوردستانییەکانی پەرلەمانی بەغدا، بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە. پەرلەمانی بەغدا لە ماوەی ڕابردوودا12 بڕیاری دژی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پەسند کردووە. پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا، ئاشکرایان کرد، کە چیتر بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ناکەن. ئەوان، جەخت دەکەنەوە کە بوونی ئێستایان لە بەغدا "بێمانایە".

عەرەفات کەرەم سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا ئاشکرای دەکات، کە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو، یەکێتی و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانیش لەگەڵ ئەوان هاوهەڵوێستن. عەرەفات کەرەم بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: ئێستا زۆرینەیەکی سیاسیی مەزهەبی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان بە دەستەوە گرتووە و چەندین بڕیاریان دژ بە کوردستان و گەلی کورد دەرکردووە، بۆیە بوونی ئێمە لە ئەنجوومەنێکی لەوشێوەیەدا، بێمانایە.

عەرەفات کەرەم دەشڵێ: ئاشکرا بوو کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا، هیی هەموو عێراقییەکان نییە. بەشێک لە کارەکانی ئەو پەرلەمانە دەبێ بە گفتوگۆ و ڕێککەوتن بێت، بەڵام ئێستا زۆرینەی سیاسی دەسەڵاتدارە. لە چەند ڕۆژی دابێ، هەموو کوتلە کوردستانییەکانی پەرلەمانی بەغدا، بەیاننامەیەکی هاوبەش لەوبارەیەوە بڵاو دەکەینەوە.

کەرەم جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئێستا لایەنی سوننەش هەست بەو مەترسییە دەکەن کە پەرلەمان هیی هەموو عێراقییەکان نییە، بۆیە داوای هەرێمی خۆیان دەکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، دەشڵێ: زۆربەی وڵاتان باڵیۆزیان لە بەغدا هەیە و ئاگاداری ئەوەن کە چی لە عێراق دەگوزەرێت. ئەوان دەزانن پرۆسەی سیاسی بە کوێ گەیشتووە و گومانیان لەوە هەیە بەردەوام بێت، بۆیە باڵیۆزەکانیان لەسەر هێڵن و هەوڵی نێوەندگیری و ئاشتی دەدەن. عەرەفات دەشڵێ: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگاداری پرۆسەی سیاسیی ناو عێراقن، بێگومان ئەگەر شەڕی دژ بە داعش کۆتایی پێ بێت، زۆربەی وڵاتان هەڵسوکەوت لەگەڵ بەغدا ناکەن.



کەریم قادر

## مەرجەکانی حەیدەر عەبادی

مەرجەکانی حەیدەر عەبادی، کە لە دواکۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا باسی کرد و خۆیان لە (یەکپارچەیی عێراق و دەستوور و ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم) دەبینێتەوە، پێچەوانەی بانگەشەی ئاشتیانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، کە دەخوازێت بەغدا بە چێکردنی مێزی گفتوگۆی کراوە ڕێز لە ویستی گەلی کوردستان بگرێت .بە واتای دروست ئەو مەرجانە بە ئاراستەی چارەکردنی دۆخەکە پێچەوانەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانە، کە بۆ هێورکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گرژییەکان لەئارادان .

ئەگەر مەبەستی عەبادی لە خستنەڕووی ئەو مەرجانە گەمەکردنە لەگەڵ هەستی ئەوانەی بەغدا، کە لەمێژە ئیعلانی شەڕیان بەسەر پێشکەوتنەکانی کوردستاندا کردووە، لەم گەمەیەدا زەرەرمەندی یەکەم شەخسی عەبادی دەبێت، چونکە خستنەڕوو و جەختکردنەوە لەسەر ئەم مەرجە تەعجیزییانە ڕاستەوخۆ ئاو لە کوڵی ئاشی نەیارەکانی دەکات، چونکە دەرگایان لەبەردەم کراوە دەکات بۆئەوەی دواجار ویستە شەیتانییەکانی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن. بۆیە پێویستە واز لەو شێوازەی موخاتەبەکردن بهێنێ، کە ئەگەر ئەو بە هەڕەشەشیان نەزانێت، بەڵام ئەو بۆنەیان لێدێت، نەمازە کاتێک باس لە دۆخی ناوچە کوردستانییەکان دەکات. جا بۆئەوەی تێکشکاندنی داعش بە سوودی خۆی بەکار بهێنێ و خۆی بکاتە ڕەمزی ئاشتی و سەقامگیری، پێویستە بوێرییەک بەخۆی بدات و پڕ بە دەنگی داوا بکات، کە لەسەر هەمووان پێویستە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت، بەتایبەتی هاودژی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان نییە. بەدیهاتنی ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆیەکی هێمنانە هەیە نەک دانانی مەرجگەلێک، کە پێشتر لەلایەن کوردستان ڕەتکراوەن. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش لەگەڵ پەڕگرتنی دۆخەکەدا نییە. ئاخر بە ڕەتکردنەوەی جیاوازی و ویستەکان دۆخەکە چارە نابێت، بەڵکو ژیلەمۆی ناکۆکییەکان گەشتر دەبن، لەوەشدا تەنها فیتنەچییەکان و سەرقافڵەی ئاژاوەگێڕان قازانج دەکەن، کە ئەوەش دواجار بە دژی ئەو تەواو دەبێت.

هاوشێوەی مەرجە ڕەتکراوەکان، عەبادی داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، خۆیان لە پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی فیدراڵی لە ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) بە دوور بگرن. ئەم داوایەشی دوو ڕاستی تێدایە، یەکەم تێنەگەیشتنە لەو ڕێژە بەرزەی بەشداری خەڵکی ئەو ناوچانە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی. دووەم، ئەو نیازەی دەردەخات، کە دەیەوێ بە زەبری هێز سوپای عێراق بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچانە، کە پێشمەرکە بە خوێن ڕزگاری کردوون و پارێزگاری لێکردوون. ئەمەش دیسان لە قازانجی فیتنەچییەکانە، کە دەیانەوێ بە دزینی سەرکەوتنەکانی عەبادی شکستەکانی خۆیان لەشەڕی داعش بشارنەوە، بۆیە لۆژیک ئەوەیە، وەک ڕێگەیەک بۆ خۆکردنی بە ڕەمزی ئاشتی، لەبری ئەو داوایە، پێویست بوو وەڵامی نەیارەکانی بەوە بدایەتەوە، کە بەخوێن و هەماهەنگی نێوان پێشمەرگە و سوپا داعش تێکشکێنرا، بۆیە هەرگیز ئەو پێکدادانانە ڕوو نادات، کە هەندێ لە شکستخواردووەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، نەک داوا لە پێشمەرگە بکات خۆیان لە پێکدادانی سوپای عێراق بەدوور بگرن. لە کورتترین وەڵامی ئەم داوایەدا، پێویستە عەبادی ئەو ڕاستییانەی لەبەرچاو بێت، لەلایەک دۆخی سوپای عێراق لە بارێکدا نییە بتوانێ شەڕی پێشمەرگە بکات، لەلایەکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێ بەوە نادات، چونکە هەم ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان جێی بایەخی هاوپەیمانی جیهانییە، هەم دەرگا بۆ دەستتێوەردانی زیاتری دەرەکی دەکاتەوە.

## نوێنەری حکوومەتی هەرێم بەشداری کۆبوونەوەی بڕۆکسل دەبێت

# د. دیندار زێباری: لەسەر داواکاریی یەکێتی ئەورووپا بەشداریی کۆبوونەوەی برۆکسل دەبین بۆ دانانی ئالیاتێک بۆ دادگاییکردنی چەکدارانی داعش



دیندار زێباری، سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی بەغدا بەشداری کۆبوونەوەی بڕۆکسلن کە لە 9 و 10ی تشرینی یەکەم لە بڕۆکسل بەڕێوەچوو. ئەجێندای سەرەکی ئەم کۆبوونەوەیە باسکردنە لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەکدارانی داعش و دادگایی کردنیان، دانانی ئالیاتێکی یاسایی بۆ دادگایی کردنی بەندکراوانی داعش، ڕەوشی دادگاکانی عێراق لە ئێستادا، شێوازی لێپێچینەوە لەو کەسانەی تۆمەتەکانیان بەسەردا ساغ بووەتەوە، داتا و ئاماری ئەو کەسانەی تێوەگلاون، ڕەوشی تیرۆریستە بیانیەکان و ئەو تیرۆریستانەی کە بەڕەچەڵەک عێراقین. مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم وۆرکشۆپە باسکردنە لەسەر کۆمەڵێک ئالیات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش و مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوانی داعش.

د. دیندار زێباری لە لێدوانێکدا سەبارەت بە بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی بڕۆکسل دەڵێت: ئەم وۆرکشۆپە لەلایەن هاوکاری تەکنیکی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق بەڕێوەدەچێت. ئامانجی سەرەکی لە بەڕێوەچوونی ئەم وۆرکشۆپە ئەوەیە کە شارەزایانی بواری یاسا، وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا، نەتەوەیەکگرتووەکان و عێراق پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی ئالیات و میکانیزمێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش دابنێن، بەتایبەتی لە ئێستادا کە عێراق بەهۆی چەکدارانی داعشەوە مەترسی لەسەرە. هەمووان لێرە پێکەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و بە بوونی ژمارەیەکی زۆر بەڵگە و دۆکیۆمێنت دژی ئەم چەکدارانەی داعش بتوانین بە شێوەیەکی یاسایی بەرامبەر ئەم چەکدارانە بجوڵێینەوە چوونکە ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانە بە ڕەچەڵەک عێراقین و هەندێکیشیان لە وڵاتانی ئەورووپاییەوە ڕوویان لە ڕیزەکانی داعش کردووە.

سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەکە وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لە کاتی کرانەوەی وۆرک شۆپەکە قسەی کرد و هەوڵ و کۆششەکانی حکومەتی هەرێمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە عێراق خستەڕوو، هەروەها ڕایگەیاند: دەبێت حکومەتی هەرێم بۆ لەمەوبەدوا لەو هاوکاریە مرۆیی و تەکنیکی و لۆجیستیانەی لەلایەن یەکێتی ئەورووپا. ئینتەرپول، نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دابین دەکرێت هاوبەشی پێبکرێت و لێی بێبەش نەبێت. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمیش ببێتە بەشێک لە هەماهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان ئینتەرپول و عێراق و لە داهاتوودا هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ عێراق کرا حکومەتی هەرێمیشی تێدابێت. سەبارەت بە هێزە ئەمنییەکان کە زۆرترین ڕەخنەی نێودەوڵەتییان لەسەرە بەوەی کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و بە گوێرەی یاساکان ناجوڵێنەوە زێباری ڕایگەیاند: لە وۆرک شۆپەکە بە بەشدارانی کۆبوونەوەکەم ڕاگەیاندووە کە دەبێت هاوکاری تەواوی هێزەکانی دژەتیرۆر و هێزەکانی ئاسایش بکرێت لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە و هاوبەشکردنی زانیارییەکان و زانیاری تەواویان بدرێتێ سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن و جوڵانەوە لەگەڵ کەیس و بابەتە جۆراوجۆرەکان. هەروەها پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر لەنێوان نەتەوەیەکگرتووەکان، ئینتەرپول و یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ ئەو هێزە ئەمنیانە هەبێت کار بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان دەکەن و لە ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ڕفێندراوە ئێزیدییەکانیان لەدەست داعش ڕزگار کردووە.

زێباری لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: لە ئێستادا ئەمە شتێکی زۆر باشە دەتوانین بە ژمارەیەکی زۆر بەڵگە و کەیس و دیکۆمێنت کە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانمان لەگەڵ تۆڕی زانیاری و لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانمان لە لیژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و تاسک فۆرس بەدەستمان هێناوە، هاوکاربین بۆ باشترکردنی ناوبانگی حکومەت لە ئاستی جیهاندا و وەڵامی هەموو ئەو تۆمەتانە بدەینەوە کە لەم دواییانە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دراونەتە پاڵ حکومەتی هەرێم و هێزە ئەمنییەکان و واقعی ڕەوشەکەیان بۆ بخەینەڕوو.